


# مەلایێ مە لە جزیرەوە بەرەو ئەوسەری دنیا

دیدار مەسیفی
(کەنەدا)

(٢- ٢)

دۆسکی دەنووسێت:

(دەستنیشـان کرنـا دەمـێ جزیـری تێـدا ژایـی هەتـا دەمەکـێ نێزیـک ژێ تشـتەکێ ب سـاناهی نەبـوو. بۆچوونـا ژ هەمیـان نێزیکتـر بۆ ڕاسـتییێ بۆچوونـا سـەیدا مـەلا ئەحمـەدێ زڤنگـی بـوو ئـەوێ پشـتی خواندنـەکا هویـر بـۆ دیوانـا جزیـری گەهشـتییە وێ بـاوەڕێ کـو مەلایـێ جزیـری ل نیڤـا دووێ ژ سـەد سـالا دەهـێ یا مشـتەختی و نیڤا یەکـێ ژ سـەد سـالا یـازدێ ژیایـە و پشـتی خواندنـەکا هویـر د دیوانـا جزیـری-دا بـۆ مـە سـالا بوونـا وی ب خـۆ ژێ دیـار بـوو کـو سـالا (٩٧٥)ی مشـتەخی بەرانبـەری (١٥٦٧-١٥٦٨)ی زایینییـە، جزیـری ب خـۆ ئـەڤ چەنـدە د دیوانـا خـۆدا گۆتییـە، دچارینەیـا شەشـێدا ژ یەکەمیـن شـعرا دیوانـا خـۆ د بێـژت:

**ژ حەرف و ماهێ سالێ ما**
**نەهات دەر شەکلێ فالێ ما**

دەمـێ مـرۆڤ ب هەژمـارا ئەبجـەدی حسـێبا ڤـان پەیاڤـا کـۆم دکـەت:

حەرفـا=٢٨٩، مـاه =٤٦، سـال=٩٧، شـکل =٣٥٠، مـا =٤١، مـا=٤١، فـال=١١١

هەژمـار (٩٧٥) دەردکەڤـت و ئەڤـە ئـەو هەژمـارە یـا جزیـری دنـاڤ شـەکلێ فـالا خـۆدا دیتـی!)

مەلایـێ جزیـری لـە حەسـەنکیف و دیاربەکـر و ئامێـدی لەسـەر دەسـتی چەنـدان مـەلای کـوردی زانـا دەرسـی خوێنـدووە و خـۆی پێگەیانـدووە. شـاکەلی لـە کتێبەکەیـدا وردەکاری نێـو ژیانـی مەلایـێ جزیـری ناگێڕێتـەوە، پتـر بـە شـێوەیەکی ئەکادیمـی لـەو باردودۆخـە دەدوێـت کـە زاتێکـی وەک مەلایـێ جزیـری هێناوەتـە بەرهـەم، دواتـر بـە درێـژی لـە بەشـەکانی کتێبەکـەدا لەبـارەی زمـان و دنیـای شـیعری و سـۆفیگەریی مەلایـێ جزیـری دەکۆڵێتـەوە.

شـاکەلی بـە شـێوەیەکی کـورت باسـی چیرۆکی عیشـقەکەی مەلایێ

جزیـری کـردووە بـۆ کچێـک بـە نـاوی سـەلما. دیـارە زۆر ڕوون نییـە کـە سـەلما خوشـکی میـری جزیـرە بـووە، یـان هـی حەسـەنکیف. لێ ئـەوەی لـە دیـدی شـاکەلی-دا گرنگـە، گـڕی عیشـقێکی خوداییـە کـە لـە لای مەلایێ جزیـری لـە سـەلمادا سـەرچاوەی گرتـووە، وەک چـۆن لای (ئیبـن عەرەبی)یش لـە نیـزام. بەڵێ جۆرێـک لـە عیشـق کـە دەشـێت ببێـت بـە سـەرچاوە و تەرجومانـی دەیـان دێـڕە شـیعری قـووڵ و جـوان و گەردوونـی.

مەلایـێ جزیـری لـە گەلێـک لـە شـارەکانی کوردسـتان و دەرەوەی گـەڕاوە و ژیـاوە، بێجگـە لـە جزیـرە و حەسـەنکێڤ و دیاربەکـر و ئامێـدی، سـەردانی شـارەکانی وەک ئیسـتەنبوڵ و دیمەشـق و بەغـدا و مەککـەی کـردووە، کەچـی لـە هیـچ سـەرچاوەیەک ئامـاژە بـەوە نەکـراوە کـە چووبێتـە شـاری هەولێـر، یـان سـەردانی تـاران و ئەسـفەهانی کردبێـت.

لـە دەرەوەی کتێبەکـەی شـاکەلی کـە بـە هـۆی شـێوازە ئەکادیمییەکـەی ئامـاژە بـە گەلێـک لایەنی ژیانـی مەلایـێ جزیـری نەکـراوە. لـە گێڕانەوەیەکـی بـە ناوودەنگدا کـە هەتـا هەنووکـەش لـە شـاری جزیـرە و دەوروبـەری لەسـەر زاران مـاوە و دەگێڕدرێتـەوە، دەڵێـن: لـەو کاتـەی مەلایێ جزیری بەهـۆی عیشـقی سـەلما لـە جزیـرە شـاربەدەر دەکرێـت و بـەرەو شـاری دیاربەکـر سـەری خـۆی هەڵدەگرێـت، مـاوەی حەفـت سـاڵ لـە شـاری جزیـرە و دەوربـەری وشکەسـاڵی دێـت و یـەک دڵـۆپ بـاران نابارێـت. لـەو بـارە دژوارەدا میـری جزیـرە لـە چ شـوێنان ناکەسـێت و لـە نیگەرانیـدا شـەوان خـەو لـە چاوانـی دەزڕێـت. میـر چەنـد جارێـک پەیـام بـۆ میـری دیاربەکـر دەنێرێـت بـۆ ئـەوەی مەلایـێ جزیـری بـۆ بگەڕێنێتـەوە، کەچـی هیـچ وەڵامێـک وەرناگرێـت. میـر لەشـکر ئامـادە دەکات و هێـرش دەکاتـە سـەر دیاربەکـر و بەڵێـن بـە خـۆی دەدات هەتـا مـەلا نەهێنێتـەوە شـاری جزیـرە لەشکرکێشـییەکەی پاشەکشـە پـێ ناکات. دەڵێـن کەمێـک دەمێنێـت بـە هـۆی مەلایـێ جزیری شـەڕی براکـوژی لـە نێـوان ئـەم دوو میرنشـینەدا ڕوو بـدات، لـەو کاتـەی ڕاوێژکارێکـی دانـا بـە میـری دیاربەکـر دەڵێـت چاتـرە بـەر لـە هەمـوو کـەس پرسـێک بـە مەلایـێ جزیـری بکـەن کـە کام لا هەڵدەبژێرێـت.

دەڵێـن مەلایـێ جزیـری بـۆ گەیشـتنەوە بـە زێدی شـیرینی و یـادی یارەکـەی و ڕەواندنـەوەی ئاگـری شـەڕی براکـوژی و دووبەرەکـی، بڕیـاری گەڕانـەوە بـۆ شـاری جزیـرە دەدات و بـۆ بەخشـندەیی و میواندارییەکـەی سـتایشـی میـری دیاربەکـر دەکات. دەگێڕنـەوە هەرکـە کاروانـی مەلایـێ جزیـری نزیـک میرنشـینی جزیـرە دەبێتـەوە، لـە ئاسـماندا کـەژاوەی هـەورەکان و ڕۆناهـی و ڕەنـگ و دەنگـی هەورەتریسـکە و برووسـکان دەبینرێـت و دەبیسـترێت، ئیـدی لەگـەڵ گەیشـتنەوەی مەلایـێ جزیـری بـۆ شـاری جزیـرە، حەفـت شـەو و حەفـت ڕۆژ بـاران دەبارێـت و خەڵکـی زەماوەنـد و شـایی دەگێـڕن.

لـە گێڕانەوەیەکـی دیکـەی سەرنجڕاکێشـدا کـە لـە یادەوەریـی مووسـا عەنتـەری نووسـەر و هزرڤانـدا هاتـووە، زانیارییەکـی نەبیسـتراو و نەزانـراو دەربـارەی نـاو و ناوبانگـی مەلایـێ جزیـری نووسـراوە. مووسـا عەنتەر لە سـاڵی ١٩٥٦ لە ئیستەنبوڵ چێشتخانەیەکی دەبێـت و بـە هـۆی هـزری بـەرزی ئـەم خاوەنـەی، کەسـانی نـاوداری هـەردوو بـواری ڕۆشـنبیری و سیاسـی بەردەوام سـەردانی چێشـتخانەکەیان کـردووە. مووسـا عەنتـەر نـاوی دوو کـەس دەهێنێـت کـە یەکیـان پرۆفیسـۆر تاهیـر تەنـەر بـووە و ئـەوی تریشـیان وەزیـری دەرەوەی پێشـووی تورکیـا نوعمـان مونعـم ئۆغڵـو. لـە دوای ئـەوەی ئـەم دوو کەسـە چەنـدان جار سـەردانی چێشـتخانەکەی مووسـا دەکـەن و کـەش و

خواردنەکانیان بە لاوە پەسەند و خۆش دەبێت، باوەڕ بە خاوەنەکەی دەهێنن و دەبن بە هاوڕێی و بە دڵێکی کراوەوە باسی ڕووداوگەلی کولتووری و سیاسی ڕۆژگاری لە تەکدا دەکەن. ڕۆژێکیان مونعیم ئۆغڵو شتێکی سەیر دەربارەی مەلایێ جزیری بۆ مووسا عەنتەر دەگێڕێتەوە و دەڵێت: هاوینی ساڵی ١٩٤٣ بوو و سەردەمی دووەمین جەنگی جیهانی، سەرۆکی ئەمریکا ڕۆزفێڵت و سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا چەرچڵ، عیسمەت ئینۆنو و منیان داوەتی قاهیرە کرد بۆ ئەوەی لە شەڕە گەورەکەی جیهان بەشدار و لایەنگری ئەوان بین. ئینۆنو پێشنیازەکەیان ڕەت دەکاتەوە و لە ئەنجامدا ڕۆزفێڵت و چەرچڵ هەوڵیان دەدا بە مەسەلەی کورد بمانترسێنن. چەرچڵ لەپڕ لە ئینۆنوی پرسی ئایا بە کوردی دەئاخڤی! ئینۆنو لە ئاست پرسیارەکەی چەرچڵدا داما و هیچ بەرسڤێکی نەدایەوە، دواتر یەکسەر من هەڵمدایێ و گوتم: ئێمە بە کوردی نائاخڤین و لە وڵاتەکەماندا زمانێک نییە بە ناوی زمانی کوردی، بەڵام دیاربوو چەرچڵ پێشتر خۆی بە باشی ئامادە کردبوو و چەند ڕۆژهەڵاتناسێکی لەگەڵ خۆی هێنابووە ژووری کۆبوونەوەکە، بۆیە یەکسەر ڕووی لە یەکێکیان کرد و پرسی: ئەوەی ئەم بەڕێزە دەیڵێت ڕاستە؟ ڕۆژهەڵاتناسەکە بە چەرچڵ دەڵێت: «نەخێر بەڕێزم وا نییە، زمانی کوردی خاوەن ئەدەبێکی دەوڵەمەندە و شیعرێکی شاعیرێکی ناوداری وەک مەلایێ جزیری-تان بۆ دەخوێنمەوە ئەگەر بفەرموون.»

مونعیم ئۆغڵو بەردەوام دەبێت و دەڵێت: «ئێمە هەتا ئەو کاتە ناوی مەلایێ جزیری-مان نەبیستبوو، بەڵام دوای ئەوەی ڕۆژهەڵاتناسەکە شیعرەکەی مەلایێ جزیری بۆ سەر زمانەکانی ئینگلیزی و فەڕەنسی و تورکی وەرگیڕا و چەرچڵی لە پاراوی و جودایی زمانی کوردی لە بەرانبەر تورکیدا دڵنیاکردنەوە. چەرچڵ قەڵس بوو و هەرسێ تەرجومەکەی لە پێشم دانا و گوتی: شەرمە نکوڵی لە زمان و نەتەوەیەک دەکەن کە لەگەڵ ئێوەدا دەژی!»

## مەلایێ جزیری و دیوان

**جانێ مەلێ ڕووحا مەلێ**
**نورا ژ قودرەت نوقتە لێ**
**ڕەمزەک نهێن دا من وەلێ**
**نالی ژ بەر وەک نای و دەف**

شاکەلی لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە دوو نووسەر دەکات کە ڕۆڵی سەرەکییان لە ناساندن و گەیاندنی دیوانی مەلایێ جزیری بۆ دەرەوەی زمان و کولتووری نەتەوەکەی خۆی هەبووە. یەکەمیان ئەلکسەندەر ژابایە، کۆنسوڵی ڕووس لە ئەرزەڕۆم کە لە ڕێگەی مەلا مەحموودی بایەزیدی (١٧٩٧-١٨٥٨) و کتێبەکەی لە ساڵی ١٨٦٠ بە ناوی هەردوو شاعیر و متەسەوفی کورد مەلایێ جزیری و فەقێ تەیران ئاشنا دەبێت و نووسین و بڵاوکراوە بە زمانی ڕووسی دەربارەی هەردووکیان دەنووسێت. دووەمیشیان (مارتن هارتمان)ی زانای ئەڵمانییە کە لە ساڵی ١٩٠٥ دیوانی مەلایێ جزیری بە زمانی ئەڵمانی چاپ کردووە و لێکۆڵینەوەی دەربارە کردووە.

شاکەلی دوای باسکردنی ئەم دوو هەوڵە گرنگەی دوو نووسەری بیانی کە دەربارەی مەلایێ جزیری و دیوانەکەی کردوویانە، بە شێوازێکی ورد و ئەکادیمی ناوی گشت کتێب و دەستنووس و لێکۆڵینەوەکان بۆ خوێنەری زمانی ئینگلیزی دەخاتە ڕوو کە لەلایەن لێکۆڵەران بە زمانی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی ئامادەکراون. ئەو نووسەر و لێکۆڵەرانەی لە کتێبەکەی شاکەلی-دا ناویان هاتووە، زۆرینەیان لە دنیای فەرهەنگ و کولتووری کوردیدا ناسراون، لێ چونکە لێکۆڵینەوەکە گشت سەرچاوەکانی

بەسەر کردووەتەوە، خوێنەر لە کتێبەکەدا ناوی گەلێک نووسەر و لێکۆڵەر و زانیاریی نوێ دەربارەی مەلایێ جزیری دەخوێنێتەوە کە لەوانەیە پێشتر نەزانراو بن.

شاکەلی جودا لە ناوهێنانی مەلا مەحموودی بایەزیدی و ئەمین زەکی بەگ و شێخ شەفیق ئەرواسی و مەلا ئەحمەد مەحموود زڤنگی و عەلائەددین سەجادی و هەژار موکریانی و عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ و مارف خەزنەدار و سادق بەهائەددین و عەزیز گەردی و تەحسین دۆسکی و دەیانی دیکە، لە لێکۆڵینەوە وردەکەیدا ناو و وێنای مەلایێ جزیری ڕوون و مەزنتر لەوانەی پێشتر، بەرجەستە کردووە. دیارە شیعرەکانی مەلایێ جزیری پتر لەگەڵ گەردوونیبوونی دێن لەوەی تەنیا سەر بە یەک ئایین و ڕێباز و هزر و بیری نەتەوەیی بن، هەروەها شاکەلی لە کتێبەکەیدا باس لە هەوڵ و کۆششی گشت نووسەر و لێکۆڵەرانی کورد و نەتەوەکانی هاوسێ و ڕووس و وڵاتانی ڕۆژئاوا دەکات و زانیاریی نوێ دەخاتە بەرچاوی خوێنەری زمانی ئینگلیزی. بۆ نموونە لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بە تازەترین لێکۆڵینەوە و نامەی ماستەر و تێزی دوکتۆرای دوای ساڵی ٢٠٠٠یش داوە و بۆ سەرچاوەی کتێبەکەی سوودی لێ بینیون و بە شایانی زانیون.

کتێبەکە دەرئەنجامی کارێکی ئەکادیمی ڕاستگۆیانەیە و هەر زانیارییەکی نوێی تێدا نووسرابێت، ئاماژە بە سەرچاوەکەی کراوە. بۆ نموونە لە گەڕانی بە دوای یەکەم نووسراودا دەربارەی مەلایێ جزیری، شاکەلی ناوی مەلایەکی کورد دەنووسێت کە یەکەم کەس بووە لێکۆڵینەوەی دەربارەی شیعری مەلایێ جزیری کردبێت، ئەویش مەلا جەرجیسی ئەربیلییە و لە کتێبەکەیدا (ڕیسالەیێ فەتحییە) کە بە زمانی فارسی نووسیوە و پێشکەشی فەتحوڵڵا پاشای حوکمداری ئاکرێی کردووە، شیعرێکی مەلایێ جزیری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و شیکردنەوەی بۆ کردووە. بە هۆکاری ئەوەی شاکەلی ئەم زانیارییە نوێیە بە ئەمەکەوە بۆ هەوڵ و لێکۆڵینەوەکانی نووسەر و لێکۆڵەر تەحسین دۆسکی دەگەڕێنێتەوە، لە زۆر شوێنی دیکەی کتێبەکەدا ئاماژەی بە ناوی دۆسکی و لێکۆڵینەوە ڕژد و وردەکانی کردووە.

کتێبەکەی شاکەلی بێجگە لەوەی گەلێک زانیاریی دەرەوەی ژیانی مەلایێ جزیری تێدایە، کە وەک سەرچاوەیەکی ئەکادیمی کۆکەرەوە بۆ دیوان ببینرێت. شاکەلی هەتا وشەی دیوانیشی لە بیر نەچووە و لێکۆڵینەوەی دەربارەی ڕەگوڕیشەی کردووە کە چۆن لە زمانی سۆمەرییەوە پەڕیوەتە نێو زمانی ئەکەدی و دواتریش زمانی فارسی و عەرەبی، پاشان لە ڕێگەی مەلایێ جزیریش گەڕاوەتەوە نێو زمانی کوردی. بەو دیدەی کە مەلایێ جزیری یەکەم شاعیری کورد بووە کە وشەی دیوانی بۆ ناوی کتێبەکەی هەڵبژاردووە و یەکەم کەسیش بووە کە کێش و سەبکی شیعری عەرەبی و فارسی گۆڕیوە و نەخشەی نوێی بۆ نووسینی شیعر بە زمانی شیرینی کوردی داهێناوە.

کتێبەکە بە درێژی لە کێشی شیعری دەکۆڵێتەوە و دەنووسێت کە (مەحموود تەقی بەهائەددین ١٨٨٤ -١٩٥١) یەکەم کەس بووە سەبک و ستایلی شیعری بۆ حیجاز و ڕەجز و ڕەمڵ و بحور دابەش کردووە، هەروەها وردەکاری پتریش دەربارەی جۆرەکانی نووسینی شیعری کلاسیکی وەک موستەزاد و تەرجیع بەند و تەرکیب بەند و تەربیع و تاد دەخاتە ڕوو... کتێبەکە جیاوازیی نێوان غەزەل و قەسیدە و مەسنەوی شی دەکاتەوە، بەو هۆکارەی کە دوو شێوازەکەی یەکەم لە شیعری کلاسیکی کوردی ڕووبەرێکی فراوانتریان لە نێو دیواندا هەیە، شیعرەکان بە

جوانی هاوێر کراون و ئەگەر خوێنەر هەر کاتێک بواری خوێندنەوە، یان پێداچوونەوەی بۆ دیوانی مەلایێ جزیری هەبێت، بە ئاسانی دەتوانێت غەزەل و قەسیدە لە یەکدی جودا بکاتەوە. عەبدولڕەحمان ئاداک دەڵێت مەلایێ جزیری، بۆیە شیعری جۆری مەسنەوی نەنووسیوە، چونکە لە غەزەل ئاسانترە و مانای تێدا پەرش دەبێتەوە و وێڵ دەبێت.

فەرهاد شاکەلی لە کتێبەکەیدا خشتەیەکی جوانی بۆ دیوان ڕێک خستووە کە ناوی گشت دیوانەکانی مەلایێ جزیری، لەگەڵ ژمارەی شیعر و دێڕە شیعرییەکان تێدا نووسراون. لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە دیوانا مەلایێ جزیری لە کۆکردنەوەی تەحسین دۆسکی ژمارەی شیعرەکانی لەوانی دیکە زیاترە، ئەوەش دەرخەری هەوڵ و ماندووبوونی ئەم نووسەرەیە دەربارەی مەلایێ جزیری.

## مەلایێ جزیری و زمانی شیعری

شاکەلی لە کۆتایی بەشی سێیەم و سەرەتای بەشی چوارەمی کتێبەکەیدا بە وردی و درێژی لەبارەی زمانی مەلایێ جزیری دەنووسێت. دیارە بابا تاهیری عوریان و مەلایێ جزیری لە سەردەمێکی گەلێک زووەوە شیعریان بە زمانی کوردی هۆنیوەتەوە و کاریگەری زۆریان لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی بۆ شیعر نووسین لەبری زمانی فارسی و عەرەبی و تورکی هەبووە. شیعرەکانی مەلایێ جزیری لە وشەگەلی ئەم سێ زمانە هاوسێیە بەتاڵ نین، بەڵام لە کۆدا گشتیان بە کوردییەکی ڕەوان و جوان نووسراون. بەو دیدەی مەلای جزیری یەکەمین کەس بووە شێوازی کێشی شیعری کلاسیکی کوردی داڕشتووە و لەلایەک دەرگەی بۆ شاعیرانی دوای خۆی کردووەتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە بووە بە چاوساغ بۆ تاکی کورد کە لە بەکارهێنانی زمانی شیرینی کوردی بۆ نووسین و هۆنینەوە، نەسڵەمێتەوە و بە کورت و کەمی نەزانێت.

سەرباری ستایل و سەبک و شێوازی تایبەت، مەلایێ جزیری لە شیعرەکانیدا گەلێک میتافۆر و دەربڕینی فەلسەفی و قووڵی بەکارهێناون، بۆیە ئەگەر خوێنەر هەر دێڕە شیعرێکی نێو دیوان بخوێنێتەوە بەو ڕاستییە دەگات کە شیعرەکانی مەلایێ جزیری بە جارێک و دووان خوێندنەوە مانا بە دەستەوە نادەن و ڕازونیازیان ئاشکرا نابێت. زمانی شیعری مەلایێ جزیری پڕە لە وشەی هەر چوار زاراوە سەرەکییەکەی زمانی کوردی و گەلێک دەربڕینی دیکەی تێدایە کە لەو سەردەمەدا بە شێوەیەکی فراوان بەکاردەهێنرێن، بۆ نموونە خوێنەر لە نێو دیوانەکەی مەلایێ جزیری دەتوانێت گەلێک لەو جۆرە وشانە ببینێت: کوردستان، نێرگز، نەورۆز، دیدار، یار، بەهار... تاد.

**عیدە و هەر کەس ژ دیدارا تە لێ پیرۆزە عید**
**ئەز تەنێ مەحرومی دیدارم ب سەد مەنزل بەعید**

هەروەها مەلایێ جزیری لە شیعرەکانیدا چەندان تیپی کوردی بەکارهێناون کە لە زمانی عەرەبی و فارسی و تورکیدا نین. دیارە ئەم کارەی مەلایێ جزیری هەنگاوێکی گرنگ بووە بۆ بەرزڕاگرتنی زمانی کوردی و وەهای لە شاعیرانی دوای خۆی کردووە کە شانازی بە خۆیانەوە بکەن شیعر بەم زمانە کەونار و ڕەسەن و دەوڵەمەند و جوانە بنووسن.

فەرهاد شاکەلی لە کتێبەکەیدا لە جیاوازی نێوان زمانی مەلایێ جزیری و ئەحمەدی خانی دەکۆڵێتەوە، بەڵام ئاماژە بە گۆڕانکارییەکان ناکات کە لە ماوەی نزیکەی یەک سەدە لە نێوان لەدایکبوون و مردنی ئەم دوو کەڵە شاعیرەی کورددا هەیە. شاکەلی لە بەراوردکردنی زمانی هەردووکیان دەنووسێت: مەلایێ جزیری جیاوازی

نێر و مێی نەکردووە و گەلێک وشەی فارسی و عەرەبی بەکارهێناون، کەچی ئەحمەدی خانی بە زمانێکی کوردی پاراو شیعرەکانی نووسیون و ڕەچاوی جیاوازییە زمانەوانییەکەی نێوان نێر و مێی کردووە کە بە تایبەتی لە زاراوەی کرمانجی سەروودا هەیە.

## مەلایێ جزیری، یان نیشانی

**وەرە نیشانی (نیشانی) دە خوە بێ پەردە سەحەر**
**لێ ژ خوونێ بکە پەرهیز کو شەهیدان چ حیساب**

هەڵبژاردنی نازناو بۆ نووسین و دەربڕین لە ناخ و لە دنیا چۆن لە سەردەمی نوێدا مایەی سەرنجدان و لێکۆڵینەوە و ڕامانە، لەوانەیە بۆ شاعیرانی کلاسیک بە شێوەیەکی دیکە بووبێت. ئەگەر سەرنجی ناوی زۆرینەی شاعیرانی کلاسیکی کورد بدەین، دەزانین کە هەموویان ناوی ڕاستینەی خۆیان بە لاوە گرنگ نەبووە. ئەوان پتر بە دوای ناو، یان وشەیەکدا گەڕاون کە ڕاڤە لە دەربڕین و دنیابینی و پەیامی شیعرەکانیان بکات، لەبری دەرخستنی کەسیەتی و پێگە و ئیگۆ و هەست و ئاستی خوێندەواریی خۆیان.

لەبەر ئەوەی هێشتا گەلێک زانیاری دەربارەی ژیانی مەلایێ جزیری بە نەزانراو و شاراوەیی ماوەتەوە، بۆ لێکۆڵەر و خوێنەر ئەستەمە هۆکاری جێنەکەوتنی نازناوی (نیشانی) بزانێت، بە تایبەتی لەو کاتەی مەلایێ جزیری بە ئاشکرا لە چەندان شوێنی دیواندا ئاماژەی بەو نازناوەی کردووە و ڕوونی کردووەتەوە کە بۆ مەبەستی نیشانەگرتن و تیری عیشق هەڵیبژاردووە. نازناوی نیشانی بۆ مەلایێ جزیری وەک ناوی زۆرینەی شاعیرانی کلاسیکی کورد، کە ئەوانیش مەلا بوون، بە ئاسانی نەکەوتە سەر زاران و نێو لاپەڕەی کتێبان. دیارە ئەم باسەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ڕژد و ورد هەیە، بۆ ئەوەی لەو بابەتە بکۆڵێتەوە، بەڵام وەک لە کتێبەکەی فەرهاد شاکەلی-دا هاتووە ناوهێنانەوەی مەلایێ جزیری بە نیشانی بە بابەتێکی گەلێک گرنگ و سەرنجڕاکێشەوە پەیوەستە، کە پێویستە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ بکرێت.

## گوێتە و نیشانی

**وەک (نیشانی) نەقش و نیشانەک تە دی**
**ئێ کو نیشانەک تە دی کانێ غەلەت**

لێکۆڵەرانی فەرهەنگ و وێژە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی دیوانی ڕۆژئاوا-ڕۆژهەڵات West – Ostlicher Divanی شاعیر و نووسەری دیاری ئەڵمانی گوتێ (١٧٤٩-١٨٣٢) بەو ڕاستییە گەیشتوون کە شیعرێکی گوتێ بە ناوی [خوێنەر Lesebuch] بیرۆکەکەی لە هی شاعیرێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگیراوە. بە هۆی ناو و ئاکاری گوتێ لێکۆڵەرانی نەتەوەکانی هاوسێ ئاماژە بە شاعیرانی وەک حافیز و نیزامی و شوکری دەکەن و بە لایانەوە ئەستەمە، یان نەزانراوە شانازییەکە بۆ شاعیرێکی مەزنی وەک مەلایێ جزیری بگەڕێننەوە و بە ڕەوای ببینن. بۆ نموونە بیرمەندێکی وەک عەبدولڕەحمان بەدەوی (١٩١٧-٢٠٠٢) هەردوو شیعرەکەی نیشانی و گوتێ-ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بۆ دەرخستنی وێکچوونی نێوانیان، کەچی بەدەوی لە لێکۆڵینەوەکەیدا ئاماژەی بە ناوی (نیشانی) نەکردووە وەک شاعیرێکی تورک، یان دەڵێت بە دیدی گوتێ لەوانەیە نیزامی بووبێت. شاکەلی لە کتێبەکەیدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە لێکۆڵینەوە و ناوی نووسەری سویدی مارتن تیگن دەهێنێتەوە کە پێی وایە گوتێ ناوی نیشانی لەگەڵ هی نیزامی تێکەڵ کردووە، هەروەها لە چەندان شوێنی کتێبەکەدا پێگەی

مەلایێ جزیری بەرزتر دەنرخێنێت لە هیی گەلێک لەو شاعیرانەی بە هۆی وەرگێڕانەوە زووتر ناو و ناوبانگیان کەوتووەتە سەر زمانە ڕۆژئاواییەکان.

فەرهاد شاکەلی لە لاپەڕە (٦٤)ی کتێبەکەیدا، دێڕە شیعرێکی مەلایێ جزیری بە نموونە دەهێنێتەوە کە چۆن خۆی لە حافیزی شیرازی بەرزتر بینیوە و دەنووسێت دنیابینییەکەی مەلایێ جزیری هێندە قووڵ و گەردوونییە، پێویستی بە سەلماندن نییە.

**گەر لوئلوئی مەنسوور ژ نەزمێ تە دخوازی**
**وەرە شیعرێ (مەلێ) ببین تە بە شیراز چ حاجەت**

## دەرئەنجام و کۆتایی

فەرهاد شاکەلی لە بەشی شەشەمی کتێبەکەیدا سێ غەزەل و سێ قەسیدە لە دیوانی مەلایێ جزیری هەڵدەبژێرێت و بە شێوەیەکی ئەستوونی هەڵیاندەوشێنێتەوە و لە مانا و کۆد و زمانەکەی دەکۆڵێتەوە. سەرەتا پێکهاتەی شیعرەکان دێڕ بە بە دێڕ لە نەخشەیەکدا بە شێوەیەکی جوان دابەش دەکات و دواتر دەربارەی بنیادی هەر کۆمەڵێک لە دێڕە شیعرییەکان دەنووسێت و ڕاڤەی وردیان بۆ دەکات. دیارە دەکرێت ئەو شێوازە زانستی و ئەکادیمییەی شاکەلی بۆ هەڵسەنگاندنی شیعر لەلایەن خوێنەرەوە وەک ئامرازێکی کارا و تایبەت ببینرێت بۆ هەڵوەشاندنەوە و تێگەیشتنێکی باشتر لە هەر شیعرێک ئەگەر هاوشانی شیعرەکانی (مەلایێ جزیری)ش نەبێت.

لە دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە ناوازەیەی فەرهاد شاکەلی دەربارەی مەلایێ جزیری، خوێنەر هەست دەکات یەکێک لە باشترین لێکۆڵینەوەکانی بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی شیعری کلاسیکی کوردی خوێندووەتەوە. بەدەر لەوەش کتێبەکە سەرچاوەیەکی گەلێک گرنگە کە بە زمانی ئینگلیزی دەربارەی شاعیر و متەسەوف و فەیلەسووفێکی کوردی وەک مەلایێ جزیری نووسرابێت.

ئەم کتێبە شیاوی ئەوەیە لە بەشەکانی زمان و وێژەدا لە زانکۆکانی ناوەوە و دەرەوەی کوردستان وەک سەرچاوەیەکی گرنگ هەژمار بکرێت، چونکە بابەتەکانی هێندە بەپێزن دەتوانن بە چاکی دەستی لێکۆڵەر و خوێنەری زمانی ئینگلیزی بگرن بۆ تێگەیشتن لە ئەدەبی کلاسیکی کوردی و دنیابینی و هزری گەردوونی مەلایێ جزیری. ئەم شاعیرە کوردەی کە پێگەی لە هیی شاعیرە هەرە ناودارەکانی دنیا کەمتر نییە ئەگەر بەرزتریش نەبێت.

دوا وشە (کتێبی بادەمان بە دەستی ئەو نۆشی We Drank the Wine from His Hand) سەرباری جوانییەکەی، لە سیمبۆل و چارۆکەی سپی سەر کەشتییەکیش دەچێت کە ناوی مەلایێ جزیری لەسەر نووسرابێت و بۆ دووری بەرێت. ئەرێ، کەشتییەک دڵۆپ دڵۆپ بە شیعرەکانی مەلایێ جزیری تەڕ و مەستانە بووبێت و لەسەر ئاوی زەریا سەما بکات و لەنجەی بێت.

### سەرچاوە و پەراوێز:

1- Shakely, Farhad (2024): We Drank the Wine from His Hand, Studies on the time, life and poetry of the Kurdish Sufi poet Malâ-yê Jazîrî, ACTA UNIVERSITATIS UPPSALIENSIS, Studia Iranica Upsaliensia, Uppsala University, Sweden.

٢ - تەحسین ئیبراهیم دوسکی: دیوانا مەلایێ جزیری، سپیرێز، ٢٠٠٥ و بەرنامەکانی لەسەر یوتیوب.

٣ - عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی: دیوانی مەلای جزیری، شەرحی هەژار، چاپ دلاهو، ٢٠١٥.

٤ - عەبدولڕەحمان ئاداک: دیمانەی سەر یوتیوب.

٥ - محەمەد نەسیم دۆرو: سیمینار و بەرنامەکانی سەر یوتیوب.

٦ - مووسا عەنتەر، بیرەوەرییەکانم، دەزگای فام، ٢٠٢١.